# ژیانی ئەمرۆی گەنجان و لاوانی کورد.. ! باوکی بۆتان.

دەمێک بوو سەرقاڵی نووسینی بابەتێکی ولۆ بووم، بەلام هەستی کوردایەتی وای لێ کردم دلی کەس ئازار نەدەم، کەسایەتی تاکی کوردی خەمبار نەکەم، چونکە هەندێک لە خەڵکانی نەزانی نەخوێندەوار، کە لە کەسایتیە کوردە بەرپرسەکان پێکهاتوون، وا بەرچاوم دەکەون کە بۆم دەرکەوێت ئەم جۆرە مرۆڤانە شایەنی پێشڤەچوونی ڕەوڕەوەی ژیانێکی یەکسان بە کردەو ەبەر ئەنجامی نادەن، تەنها بە قسەو بەڵێنی خەیاڵ و درۆ نەبێت. بەڵکو هەر تاکێک سەدەها بیر و بۆ جونی نادیاری وەک ئەسپێکی باڵداری هەیە کە هەرگیز نایگەنێ.
کۆنترین بەرماوەکانی سرووشت بریتین لە مرۆڤ و تەکنیک، گرێدان و پەیوەندی و گەشە پێکردنی نێوانیان زۆر جار دەبنە هۆی گۆڕینی تەکنەلۆجیا بەرامبەر بە بنەماکانی شارستانیەت.
یەکەمین مرۆڤشێوەی کۆن لە بەراوردکردنیدا لە گەڵ ئادەمیزادانی ئەوڕۆدا، واتە تا شێوەی مرۆڤی ئەمڕۆی پێک هێناوە بەلای کەمەوە دوو ملیۆن ساڵی خایاندوە، ، لە سەرەتادا کارەکانیان بریتی بوون لە ڕاو و شکار، بە دوای ئەودا قۆناغی گروهی جێنشینی دەستی پێکرد، تا کۆمەڵ کۆمەڵگا پێک هاتن لەداوی ئەمەشدا سەرەتای مێژوو دەستی پێکردو بووبە هۆی پێزانینی ڕووداوەکانی مرۆڤ لە وەچەرخانی لاپەڕەکانی مێژوودا. وبەهۆی دەستێوەردانی مرۆڤ لە سەر گۆڕانکاریەکانی سروشتت، گەلەك دۆزینەوە و پشکنینی نەێ هاتە کایەوە.، کە بۆتە هۆی ئەوەی خەڵکانی ئەم سەردەمە زیتر بەختەوەر بن، پشکنین و بەرهەم هێنانی ئەو کارە مەزنانەی تا ئەوڕۆ بە ردەست کەوتوون، کاریگەر بوونە لەو گۆڕانکاریانەی کە ڕەچاو دەکرێن سوودبەخشن، لە نوێکردنەوەی بەرهەم و دەستکەوتەکانی ئەوڕۆماندا.
وەک زانراوە وڵاتی کوردوستان بە گەلێک ناوچەیەکی ستراتیژی و ناودار ناسراوە بە یەکێک لە ناوچەکانی میسۆپۆتامیا، هەر لە بەر ئەوەیە کە دەبوایە ئێمە ڕابەری یەکێک لە هەرە وولاتە پێشکەوتوەکانی ئەم سەرزەمینە بوینایە، بەڵام تاوەکو ئێستاش لە کاروانی شارستانیەتدا لە پاشدا ماوین، نموونەکەشی ئەوەیە کە تاوەکو ئەوڕۆش ژنان لەسەر بە ئەنجامدانی کاری ئەتک و ناموس ئەشکەنجە دەدرێن و دەکوژرێن، ئەمەش سووکایەتیەکی ڕووتە کە بەرامبەر بە ژنان بەبێ بریارێکی یاسایی و دادوەری بەڕێوەدەچێت. ئەمەش بۆتە هۆی زڕاندنی ناوی کۆمەڵگای کورد.
لێرەدا دەبوایە کورد سودی لە میژوی باوەپیرە گۆتیەکیانی خۆیان وەر بگرتایە، کە یەکسانی وریزلە یەکگرتنی هەڤدی ڕەوتێکی ئاشکرا بوو لە نێو کۆمەڵگای ئەو کاتەدا. زیرەکی و بلیمەتی ژیانی کۆمەلگای ئەو ڕۆژگارەی کوردە گۆتیەکان، گەلێک پێشکەوتووتر بوون لە وبە ناو دەستوور نوسراوانەی کە گەلێک لە وولاتانی ئیسلامی ئەوڕودا شانازی پێهوە دەکەن.
من نامەوی دەرزی لە جگەری هیچ کەسێک بدەم، بەلام من زۆر بە ئاشکرا سەدەها دەرزی شاراوە لە جەرگی دایکان و مندالانی کوردوستان دەبینمکە وەك مانگە شەو بۆم دیارن، کزیو سیستی باوکانی بێ دەسەڵات دەبینم کە چۆن فرمێسک دەرێژن بەرامبەر بە ترسی ئاین و یاسا ناڕەواکانی شەریعەی ئیسلامی.

تۆ بڵێی میللەتی کورد گوناهێکی زۆر مەزنی دژی خودا کردبێت بۆیە وا بەم ئەشکەنجەو دەردەوە دەناڵێننن ئەمە لێرەدا بە خۆی پرسیارێکە کە ئایا خودای گەورە بۆچی نەتەوەی کوردییشی وەك ئەو میللەتە خۆشبەختانەی گشت جیهانی ئازاد دروست نەکردوە؟ یاخود بۆچی! منداڵی کورد وەک زۆربەی مندالانی جیهان ژیانیان لە ئارامیو خۆشیدا نەبێت؟ بۆچی! دایکان و ژنانی کورد وەک زۆربەی ئافرەتانی جیهانی بەختەوەر نەبن؟ و شوێنەواری ڕۆژانەیان روون و ئاشکرا نە بێت. لە هەمووی ناسکتر پرسیار ئەوەیە کە بۆچی! ژیانی رۆژانەی گەنج و لاوی کچ و کوڕی کورد کە تەنها لە خەیاڵ و فانتازی نەبێت کە هەموو بیرکردنەوەکانیان لە گشت ژیانیاندا لە سەر لم و زیخی کەناری دەریای نەبیندراو دەنووسنەوە، لێوی ئاڵ وشەمامەی ناسکی خڕی کچە فریشتە کوردەکان، لە ناو پەنجەو دەستی کوڕی گەنجانی کورد، مەگەر تەنها بەخەیال مۆسیقایان پێ بژەنن.

لەسەر هەر بەردێکی سەر کەناری ئەو دەریا خەیالیەوە چەند مندالێکی جاو ڕەش و گەشی تێدا کە لەگەڵ یەکتر گەمان دەکەن، دایکانی ئە و منداله کورد انەش بە مایۆوە لەگەل شەپۆڵی ئاوەکە خۆ دەگەوزێننەوە، بۆچی! بۆجی... نابێت ئەم خەیالە ناسکۆلانە بێنە دی و ببێتە ڕاستیەك بۆ کۆمەلگاکەمان.

لە راستیدا دەبێ پرسیارێك لە خۆمان بکەیەین! بۆچی ئەو شیوە و فۆرمە جوانانە لە کورو کچی کوردیش وەك هەمو گەنجان و لاوانی ئەم جیهانە بەدی نەکەیین و بۆچی ژیانێکی خۆشحالی و دلشادییان بۆ دابین نەکەین؟

تۆ بلێت ئەم لاوانەی کورد شایانی ئەوە نەبن هەستی ژیان، بە سۆزێکی نەرم و خەیالێکی بێ گەردیان بۆ ئامادە نەکریت، بۆچی تەنها بە شەو دیداری فلمێکی رۆمانسی بن کە لە راستیدا ناتوانن باسیشی بکەن.

ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر خەوەکانیشیان رق و تۆلەیان لێ نەکەنەوەو زوو بە خەبەریان نە هێننوەو چاوەکانیان جارێکی تر بەو میچە سپیەی ژورەکانیان وەک بەندیخانەیەکی ئازاد، کاتێک بە هۆش دێنەوەو، دەگەرێنەوە قاوغە کۆنە ترسناکەکەی خۆیان، کە زۆر جار دەترسێن نەوە کە یەکێ لە دایك و باوکانیان ئاگاداری خەونەکانیان ببن و ئەمانیش تووشی سزایەکی دەروونی ببن.

بۆچی مندالانی ئێمەی کورد بەم هەستە شاراوەیە خۆشترین ژیانی لاوێتیان بە فیرۆ بچێت، کێ لەم جیهانە جاریکی تر دەتوانێ ساتێك لەو رۆژگارە کۆنانەیان کە بە فیرۆ چووە بتوانێت بۆیان بگەرێنێتەوە، بۆچی ئەم کۆمەلگاییە سەختوو دواکەوتوە خەو و خەیاڵەکانی ئەم مندالانە بە رۆژی نیوەرۆ لە ناو چاوە زەق و جوانەکانیان لە بندا دەردەهێنن تەنها لە بەر تۆلەی کەسانێکی نەزان و نەخۆش کە بە ناوی ئاین و ڕەوتی کۆمەلایتی ئیسلامی، سەربەستی و ئازادی لە هەموو بەرهەماکانی ئەم گەنجانەو بیرکردنەوەکانیان زەوت دەکەن و دەیانخنکێنن.

کوا پرۆسەی دیموکراتی کە هەندێ لە گروپەکانی ئەم موسلمانانە داوای دەکەن و بە ناوی ژیانێکی ئاینی مۆدێرن و ئاشتیخوازانە کە وادەکەن خەلکی بۆ بۆچونکانیان رابکێشن، من تێ ناگەم! ئەم خەلکە بۆ ئەوەندە لە ئازادی دەترسن، من نازانم! سەربەستی جوڵانەوەی گەنجو لاوانی کورد کچ بێت یان کور چ! کارێکی خراپ لە رەفتو رێگای ئایین دەگرێ؟ ئەگەر بە لۆجیك و مەنتق و هەڵس و کەوتی مۆدێرن بەکار بێنن... خودی ئایین پەیوەندییەکی رۆحانە و دەرونیە لە نێوان تاکی مرۆڤ و خودای گەورە، وە پێویست ناکات کەسی سێهەم بە ناوی لێپرساوی دینی و ئاینیی خۆی بکاتە بەر پرسی، وەکالەتی یەزدانی بەرێز، هەر

کەسێ پاداش و سزای خۆی لە ئاییندەی خۆی هەر بە خۆی بەرپرسێتی، نەوەکە ئەم مەلاو پیاوە ئایینیانە کە بە ناوی خوداوە فەرمان دەردەکەن!؟؟؟ من تێ ناگەم کێ؟ ئەم دەسەڵات و دادوەریەی بەم مەڵاو شێخ و پیاوە ئایینیانە بەخشیوە کە ئایندەی گەنجەکانمانیان خستۆتە دۆزەخەوە!!! ئەم پرسیارانە... دەبێ لەمەوە دوا دەها لێکولینەوە بکرێت بۆ سنوربەندی دەسەڵاتی ئاییبی لەم کۆمەلگا شارستانیەو مەدەنیەی ئەمرۆماندا.

ئەگەر گەنجێك تەمەنی زیاد لە ١٨ ساڵی تێپەر کردبێ بە هەموو مافی ئاسمانیو مافی زەمینی پێگەیشتووەوە و کامل و بالغ بوە، ئەی بۆچی! سەربەستیان و ئازادی بیرکردنەوەو رەفتاریان بە بۆجونی خۆیان نەبێ! ئەمانە هەرچەندە سەربەستیشن بە خۆیان دەزانن چون رەفتار لەگەل بۆچون و مەنتقی لێکدانەوەو لیکۆلینەوەی ئەم ئایەتانە بکەن، چونکە خۆیان خوێندەوارن و رۆشنبیربیرن و پێویستیان بە مەلایکی نە خوێندەوار نیە کە بۆیان باس بکات و ترسی ژیانی ئایندە بخاتە میشکییانەوە کە لەوە زیاتر هیچی تر نازانن.

گەنجان خۆیان بەر پرسن بە هێنانە دی کارەکانی ئایینی خۆیان وە هەر خۆشیان دەبێت بریاری لەسەر بدەن، کە چۆن لە گەڵ رێژەی رۆشنبیریان دەگونجێ، نەوەکە بکەونە فشاری زانایری مەلایەک کە تەنها چەند ئاییەتێکی قورئانی پیرۆزی لەبەر کردوە بە بێ ئەوەی لە ماناکانیشی بگات، من گەرەنتیان دەدەمێ ئەگەر بە زمانی کوردی خۆمان بۆ ئەو مەڵایانە ئەم سورەتانە روون بکرێتەوە ئەوانیش ئەوەندە توند رەوە نامێننەوەو و دەگەرێنەوە ریزی خەلکانی ئەم سەردەمە. ! چونکە ئەم مەڵاو پیاوە ئایینیانە بە ناوی چەند خالێکی شەریعەت و رەفتاری ئیسلامی قسە دەکەن کە زیاتر لە ١٤٠٠ سال کۆنە.

ئەوەی ترسناکە لەو بۆچون و لێکدانەوەی ئەم مەلاو شیخ و پیاوە ئایینیانە ناموس و ئەخڵاقییان تەنها لە ناو لەشی ژن و ئافرەتدا حەشار داوە، مامەلەی رەفتاری ژۆژانەی کۆمەڵایەتی پێ دەکەن و وشەی ئەخڵاقیان کردۆتە پێوەری سەنگی ئافرەتان و بە خواستی خۆیان مامەلەی لەگەلدا دەکەن.

من تێ ناگەم ئەم مەلاو پیاوە ماقولانەی موسلمانان کاتێ لە ژێر چرای کارەبا دادەنێشن و تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن و خاوەنێ مۆبایلی نوێن و زۆر مەکینەوپێداویستیەکانی مۆدێرن بە کار دەهێنن و بە باڵەفرە هاتو چۆی حەج دەکەن کە لە کاتی خۆیدا خەلک هەلدەواسرا ئەگەر باسی شتو مەکی وا پێشکەوتوی بکردایە، ! ئەمانە ئێستا هیچی دژی موسلمانان نین، جونکە کۆمەلگای پیاوسالاری سودی لی وەردەگرێ، بەلام! ئەگەر ژنێک سەری رووت بێت یان کراسێکی تەسک لەبەر بکات یان قسەیەکی ئاسایی لە گەڵ پیاوێکد ا بکات دەبێت بە گوناحەو دەچنە ئاگری دۆزەخەوە، ئەمەیە پێی دەڵێن * بانێکەو دوو هەوا*.

. کاسایەتی کوردی کۆن زۆر سالار ترو زیرەکتر بوون لە ئێستا، ئەوەش دەگەرێتەوە سەر زۆر هۆکاری ئابوری و رامیاری وکۆمەلڵایەتی کە لەم چەند سەدەی دواییەدا کۆمەلگای کوردی گرتۆتەوە، چونکە کولتوری کوردی زۆر پێشکەوتوترو بوو لە کۆندا وە مافی مرۆڤیش زیاتر بوو بە تایبەتی مافی ژنان!!!

من لێرەدا پەنجە بۆ چەند خالێک درێژ دەکەم کە بە راستی پیویستە لەسەر سەرکردەوە دەسەلات دارانی ئەمرۆی کورد هەنگاوی بۆ بدەن، نەوەکە تەنها بەلێن بێت وەک بەلێنە کۆنەکانیان کە میللەت نوکا بێ باوەر بونە لێیان.

کلیلی دۆزینەوی خواستو ویستی گەنجان و لاوان ئەوەیە خۆیان بەرپرسیی خۆیان بن و کارو کردەوی خۆیان هەر بەدست خۆیان ئەنجام بدریت. بێ گومان هەر ڕۆشنبیریە کە خاڵە سەرەکییە کانی ئاییندەی گەنجان دەهێنێتە دی.

گرنگترێنیان ئەوەیە پشتیوانی پشتگیری لەم گروپە بکریت؟ وە دەبێ پردی رۆشنبیری دروست بکرێت لە نێوان ئەم گروپەو چینەکانی تری کۆمەلگا، هەندی خالی گرنگ هەیە دەبێ رەچاو بکرێت وەك.. ١- پەخش و بلاوکردنەوەی رۆژنامەو گۆڤاری تایبەت بەم گرووپە، وە هەندێ پەروتوکیی تایبەتیش چاپ بکرێت کە پەیوەندی بەم گەنچ و لاوانە بێت..

٢- دروست کردنی سەندوقی یارمەتی بۆ ئامادەکردنی پارە بۆ بەکار هێنانی هاتوو چۆی ئەم گرووپە لە نێوان شارو دێهایەکانی کوردوستان بۆ پەیوەندی دروستکردن لە نێوان ئەم گروپانە. وە لە ئاینده دەتواندرێت هاتوچۆی دەرەوەش بەرپا بکرێت بۆ قوتابیانی پلەی بەرز لە پەیمانگا و زانکۆکاندا.

٣- دابین کردنی ئابوری بۆ ئەم گروپە، وەک موچەیەکی کەم بۆ کەمکردنەوەی ئەرکی دایک و باوک لە دابین کردنی پێویستیەکانی رۆژانە کە بۆ ئەم گروپە گرنگن، کاتێک کە کەسوکاریان ناتوانن پێی هەلبستن.

٤-دروست کردنی خانوو ئەپرتمان بۆ ئەم گەنجو لاوانە لە کاتی ژن و ژنخوازیدا.

٥-دامەزراندنی دەزگای دۆزینەوەی ئیش و کار بۆ دەرچوانی پەیمانگاو زانکۆکان، وە دابین کردنی کار بۆ گەنجانی بێ کار بە گشتی..

٦-دروست کردن و کردنەوەی زۆر لە شوێنی تایبەت و کلوبی وەرزیشی بۆ نزیککردنەوەی کچان و کورانی گەنج و شکاندنی دیواری شەرم و نەزانین.

٧- کردنەوەی دەزگای راگەیاندن و پەخشی تایبەی بە گەنجان.

٦-کردنەوەی وەزارەتێک تایبەت بەم گەنجانە.

وە لە کۆتاییدا جارێکی تر دەبێ زۆر هانی دەزگا راگەیاندنەکان بدرێت وەك چۆن ئێستا دەستیان پێ کردوە بۆ چارە سەرکردنی کیشەو گرفتەکانی ئەم گرووپە گرنگە لە کۆمەلگادا، وە لەدوای هەموویانەو ە چارێکی تر کەم کردنەوەی بیر کردنەوەی تەسك و لاواز لە بواری ئابروو ئەخلاق کە زۆربەی زەمینەی سەربەستی و ئازادی کچان و ئافرەتانی لە بازنەیەکدا بەند کردوە لە کوردوستانی ئەمرۆماندا.

داوا لە هەموو گەنج و لاوانی کور وکچی کورد دەکەم کە ئێوە تەنها خۆتان وبە بازووی دەست و لەشی خۆتان وبە نووکی پێنوسەکانتان دەتوانن شۆرش دروست بکەن و ئالای ئازدی و سەربەستی بەرز بکەنەوە لە سەر جادەو شەقامەکانی کوردوستان و زۆر بە ئاشتیانە داوای گۆرانکاری بکەن لە دەسەلات و لەو سوکایەتیەی بە ئێوەی گەنج دەکرێت لە هەموو رووبەکەوە. !!!!!

مەترسن لە رخنەی ئەمە ئەو، چونکە سنگی لاوان بۆ فیشەکی سەربەستی دروست کراوا، !؟؟؟؟

Bawkibotan@hotmail. com